# ماوسە نوێیەكەی مایكرۆسۆفت و توانایەكی بەرچاو

ماوس وەك ئامرازی سەرەكی لە كردنەوەی پرۆگرامەكان و فەرماندان بە كۆمپیوتەر رۆڵێكی گرنگ دەبینێ، ماوس بە بەراورد بە ئامێرەكانی دیكەی كۆمپیوتەر گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە. ساڵی رابردوو كۆمپانیای ئەپڵ جۆرە ماوسێكی بەرهەم هێنا كە توانا و دیزاینەكەی جێگەی تێڕامان بوو.



ئەمساڵ كۆمپانیای مایكرۆسۆفت ماوسێكی نوێی بەرهەم هێناوە كە دەكرێ بڵێین ركابەرێكی جدیە بۆ ماوسەكەی ئەپڵ. دوگمەكانی ئەو ماوسە زۆر جوان و سەرنجراكێشن، بەشی رەنگی رەساسی پێشەوەی ماوسەكە بۆ سكرۆڵ كردن لەنێوان لاپەڕەكاندا سوودی لێوەردەگیرێت. ماوسەكە تەواو لەمسییە و پێویست بە داگرتنی دوگمە ناكات، تەنیا بە لەمس ئەركەكان جێبەجێ دەكات.

# سامسۆنگ خێراترین DVD writer بەرهەم دێنێ



هەڵگرتنی داتاكان لە ئامرازی CDدا ماوەیەكی زۆری نەخایاند كە DVD شوێنی گرتەوە، لە بواری قەبارە و سایز و دیزاینەوە DVD و CD هیچ جیاوازییەكیان نییە، بەڵام لە بواری هەڵگرتنی داتادا DVD گەلێك جیاوازە، ئامێری DVD writer ئەو ئامێرەیە كە داتاكان دەخاتە سەر دیسكی DVD. لە تازەترین داهێنانی كۆمپانیای سامسۆنگدا خێراترین ئامێری دیڤیدی رایتەر هاتۆتە بەرهەم كە بە super-wretemaster ناسراوە، ئەم رایتەرە لە ماوەی تەنیا 4 خولەكدا دیڤیدیەكی 4.7گیگابایتی رایت دەكات كە ئەمەش خێراییەكی گەلێك زۆرە، بۆیە ئەگەری زۆری هەیە لە لاپتۆپەكانی داهاتوودا لەم جۆرە رایتەرە كەڵك وەربگیرێت.

# بە ویستی خۆت دوگمەكانی كیبۆردەكە رێك بخە

كیبۆردی كۆمپیوتەر دەكرێ بڵێین كاراترین و نزیكترین پارچەی كۆمپیوتەرە كە لەگەڵ بەكارهێنەرەكەی پێوەندی راستەوخۆیان هەیە. گرفتێك لە كیبۆرددا هەیە ئەویش نەگونجانە لەگەڵ دەست و پەنجەی بەكارهێنەرەكەی، واتە بەهۆی ئەوەی پەنجەكانمان جیاوازن و بە قەولی ئەو پەندەی كوردی پەنجەكانی دەست هەموویان وەك یەك نین، كیبۆردیش دەبا بەپێی گونجانی پەنجەكانی بەكارهێنەرەكەی داندرابا، كۆمپانیای فوجیستۆ بۆ چارەسەری ئەم گرفتە كیبۆردێكی نوێی بەرهەم هێناوە. لەو كیبۆردەدا دوگمەكان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەكارهێنەر دەتوانی بەوجۆرەی لەگەڵ پەنجەكانی دەگونجێت دوگمەكان دابنێت. ئەو جۆرە كیبۆردە بۆ ئەو كەسانەی كە ئەركی نووسینیان زۆرە و بە چەندین زمانیش تایپ دەكەن زۆر گونجاوە. یان ئەوانەی كە چەپ دەستن حەز دەكەن دوگمەكانی لای راست بێننە لای چەپەوە. سەرەڕای گۆڕینی دوگمەكان دەتوانن رەنگی دوگمەكانیش بگۆڕن. بۆ نموونە كاتێك كە كوردی تایپ دەكەی، دوگمەكان بە رەنگێكی جیا بن و ئەو كاتانەی كە عەرەبیش تایپ دەكەی دوگمەكان رەنگێكی دیكەیان هەبێت. هەروەها ئەو كیبۆردە زۆر بێدەنگە و لەكاتی تایپكردندا نابێتە هۆی ئازاردانی كەسانی دەوروبەرەكەت.




# بەهێزترین و باریکترین کۆمپیوتەر لە جیهاندا



کۆمپانیای Lenovo لەم دواییانـــەدا نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی ThinkCentre 91z All-in-One هێنایە بەرهەم کە لەو بەرهەمەیدا ئەوپەڕی توانای خۆی خستۆتەگەڕ، بۆ ئەوەی کـــە باریکترین و بەهێزترین کۆمپیوتـــەری جیهان تا ئەم ڕێکەوتە دروســـت بکات. بەشـــی ســـەرەکی ئەو کۆمپیوتەرە لە شاشەیەك پێکی دێ کە شاشـــەیەکی روون و شووشەییە. فیلمە ڤیدیۆییەکان لەو کۆمپیوتەرەدا بە کوالیتی HDنیشـــان دەدرێن. کۆمپیوتەرەکە کیبۆردێکی وایەرلەیســـی دژە تەڕبوونـــی لەگەڵدایە. 6 پۆرتی USBهەیـــە. کۆمپیوتەرەکە بـــۆ ئیدارە و نووسینگە بازرگانییەکان و شوێنە پەروەردەییەکان زۆر گونجاوە.

## هاردێکی وایەرلەیس لە یەک کاتدا لەگەڵ سێ ئامێر



هـــارد کـــە لـــە ئینگلیزیدا بەمانای "ســـەخت، رەق" دێت، لە زاراوەی زانستی کۆمپیوتەردا بـــەو پارچەیە دەگوترێت کە وەك کۆگایـــەك داتاکانی تێدا خەزن دەبێـــت، هـــارد تەنیـــا ئەرکی هەڵگرتنـــی داتاکانە. قەبارەی هاردەکان جیـــاوازن ئەگەرچی هەموویان یەك ئـــەرك ئەنجام دەدەن، بـــۆ ئـــەوەی کە هارد لەگـــەڵ کۆمپیوتـــەر یـــان مۆبایـــل یـــان ئامێرێکـــی دیکـــە پێوەند بدرێ دەبێ لە ڕێگـــەی کێبڵەوە بێت، بەڵام لـــەم دواییـــەدا کۆمپانیایەك هاردێکی بەرهەم هێناوە بەناوی Satellite gofix کـــە بـــە سیســـتەمی وایەرلەیس لەگەڵ ئامێرەکان پێوەند دەدرێت. هاردەکە بۆ گواســـتنەوەی داتاکان زۆر خێرایە. لەگەڵ هەموو ئەو مۆبایل و کۆمپیوتەرانە دەگونجێت کە سیستەمی وایەرلەیس واتە wifi یـــان هەیە. هاردەکە تا 500 گیگا لە خۆیدا خـــەزن دەکات. توانای ئـــەوەی هەیە لە یەك کاتدا بۆ سێ ئامێر ئاڵوگۆڕی داتا بکات.

## گشت فۆرماتەکان بکە بەوێنە

فۆرماتی PDF بـــۆ بچووککردنەوەو دانانی دوکیۆمێنتەکان لە ئینتەرنێتدا زۆر گونجاوە و زۆریش باوە. زۆر پرۆگرام هەن کە ئەرکی پرێنتەرێکی مەجازیان هەیە و فایلەکان دەکەن بە PDF، بەڵام ئەگەر لەبری گۆڕینی دەقەکان بۆ PDF پرۆگرامێك هەبا کە دوکیۆمێنتەکانی کردبا بە وێنە، رەنگە ئەرکەکەی زۆر ئاسانتر کردبا، چونکە بۆ کردنەوەی وێنە پێویســـت بە هیچ پرۆگرامێکی تایبـــەت ناکات. پرۆگرامـــی zan image printer ئەو پرۆگرامەیە کە هەر فایلێك دەکات بە وێنە. دەتوانی بە ویســـتی خۆت کوالیتی وێنەکە زیاد بکەی..



# به لەمس تەبلێتەکەت شەحن بکەوە

تەبلێت ئەو ئامێرە نوێیە دیجیتالییەیە کە بەهۆی کەم کێشی و بچووکی خەریکە شوێنی لاپتۆپ دەگرێتەوە، بەڵام تەبلێتیش وەك لاپتۆپ پێویستە بەردەوام شەحن بکرێتەوە، بەڵام لەم دواییانەدا شێوازێك بۆ شەحنکردنەوەی تەبلێت داندراوە کە رەنگە کێشەی شەحن زۆر کەم بکاتەوە.

شێوازی شەحنکردنەوە بە بەلەمس توانیویەتی رێگەچارەیەکی باش و گونجاو بۆ کێشەی شەحنکردنەوە بدۆزێتەوە. تەبلێتێك کە لەم دواییانەدا بەرهەمهاتووە و بە تەبلێتی جۆری ECOpad ناسراوە، لەو تەبلێتەدا وزەی پێویست بۆ تەبلێتەکە لە لێکخشاندنی دەست لە شوێنێکی تایبەت کە بۆ شەحن کردنەوە داندراوە بەدەست دێت.







# نوێترین ڤێرژنی ئیمێلی یاهوو خزمەتگوزاری زیاتر

کۆمپانیای یاهوو گەورەترین سایتی خزمەتگوزاری بەخشینی ئیمێل بە خۆڕاییە، رێژەی بەشدار بووان لەم سایتەدا لە گشت سایتەکانی هاوشێوەی زیاترە. لە دوایین گۆڕانکاری لە ئیمێلی یاهوودا ئەو خزمەتگوزارییانە زیاد کراون: وەڵامدانەوەی پەیامەکانی فەیسبووك و تویتەر هەر لە ئیمێلەکەی خۆتەوە لە یاهوودا. هەروەها ئەو پەیامانەی کە لەو سایتانەوە بۆت دێن هەر لە ئیمێلی یاهوودا دەتوانی بیخوێنیەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە یاهوو هەتا ئێستا 284 ملیۆن بەکارهێنەری ئیمێلی هەیە، هەروەها بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن هەر لە مەسنجەری یاهوودا چات بکەن. جگە لەوەش 50 باکگراوندی جوان لە ئیمێلدا دانراوە.

# یارییەکی خۆش و ئاسان و سەرنجڕاکێش




یاری Cake Mania یەکێکە لەو یارییە سەرنجڕاکێشانەی کە بۆ گشت تەمەنێك دەگونجێت. یارییەکە ئاسانە، ئێوە دەبێت وەك کاراکتەری یارییەکە یارمەتی جاك و جیل بدەی تا نانەوایی و شیرینی فرۆشیەکەیان بەڕێوە بەرن. دەبێ یارمەتی خاتوو جیل بدەن کە دوو گیانە کە نانەواخانەکەی بەڕێوە ببات و لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ لەدایك بوونی منداڵەکەی خۆی ئامادە بکات.

هەندێك تایبەتمەندی یارییەکە:

- 110 قۆناغ.
- بوونی کرداری سەرنجڕاکێش و کۆمیدی.
- خاوەنی 25 جۆرە جلوبەرگ.
- بوونی گرافیکێکی باش و سێ رەهەندی.

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ دروستکردن و رایت کردنی DVD.



گەلێکن ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکی رایت و دانانی ژێرنووس و دروستکردنی مینۆی فیلمەکانیان بە ئەستۆیە. پرۆگرامی Media DVD Creator یەکێك لەو پرۆگرامە بەهێزانەیە کە بۆ رایتکردنی فیلم لەسەر DVD بە توانای فیلمی ئەسڵی هەیە.

ئەو پرۆگرامە پشتیوانی لە گشت فۆرماتەکانی ڤیدیۆیی دەکات و راستەوخۆ دەتوانی فایلە ڤیدیۆییەکان لەسەر DVD خەزن بکەی، توانایەکی سەرنجراکێشی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەتوانی مینۆ بۆ DVDیەکان دروست بکەی. دروستکردنی مینۆ و رایت کردن هەموو بە چەند کلیکێك جێبەجێ دەبێت. هەروەها دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ژێرنووس لەسەر فیلمەکان دابنێی. برِینی بەشێك لە فرێمی ڤیدیۆ و هەروەها برِین و بچووکردنەوەی سایزی وێنە ڤیدیۆییەکان لە تواناکانی ئەو پرۆگرامەن. خێرایی زۆر لە رایتکردنی ڤیدیۆیەکانیش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرنجەکانی پرۆگرامەکە.

# چۆن لە فایلە PDFـەکانتان گۆڤار و کتێبی ئەلکترۆنی ئامادە دەکەن

لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر کتێب و بڵاوکراوەکاندا هات، لە کاغەزەوە بۆ دیجیتالی. ئێستا ئامادەکردنی کتێب و گۆڤاری دیجیتالی بۆ ئەوەی کە لە ئینتەرنێتدا بڵاو بێتەوە و خەڵکێکی زۆر سوودی لێوەربگرن پەرەی سەندووە. چەندین پرۆگرام هەن بۆ بەرهەمهێنانی کتێبی دیجیتالی. چەندین پرۆگرام هەن کە فایلە PDFـەکان دەکاتە کتێبێکی دیجیتالی و دەتوانی وەك کتێبی ئاسایی لاپەڕە هەڵدەیەوە. یەکێك لەو پرۆگرامە بەسوودانە پرۆگرامی Flippingbook PDFـە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی فایلە دەقییەکانی ئێوە بکاتە کتێب و وەك کتێبێکی ئاسایی بیخوێنیەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- گەورەکردنی دەق و وێنە لەکاتی خوێندنەوەدا
- وەرگرتنی فایلی ئەسڵی لە فۆرماتی PDF.
- دانانی پاسۆرد و قفڵ کردن بۆ بەرگری کردن لە چاپکردن یان کۆپی کردنی فایلەکە.
- توانای دەستکاری و گۆڕانکاری لە کتێبەکەدا.
- گونجان لەگەڵ هەموو ویندۆزەکان.





# کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکەی جیهان

ئەمساڵ کۆمپانیای کولێر مستەر پێشبرِکێیەکی بۆ باشترین و سەرنجراکێشترین دیزانینی کەیسی کۆمپیوتەر دانا، گەورەترین دیزاینی کەیسی کۆمپیوتەر کە لەلایەن هۆڵەندییەك بەرهەمهاتبوو سەرنجی زۆر لەوانەی راکێشا کە ئامادەی پێشبرِکێیەکە بوون. کەیسەکە بەهێزی 5.4 گیگاهێرتزی Corei7 ی کۆمپانیای ئەنتەل کار دەکات. دوو کارتی شاشەی هەیە. هاردی ئەو کۆمپیوتەرە 12 ترابایتە.

خاڵی سەرنجراکێش لەو کۆمپیوتەرەدا ئەوەیە کە یەك مێزی تەواوە. بەهۆی سیستەمی فێنککەرەوەی ئاوەوە کار دەکات. کۆمپیوتەرەکە خاوەنی سێ مۆنیتەرە واتە شاشە، مۆنیتەرێکی 27 ئینجی و دوو مۆنیتەری 17 ئینجی. شایانی ئاماژە پێدانە کۆمپیوتەرێکی لەم چەشنە زیاتر دەکرێت لە شوێنی داکردنی داتا لە زانکۆیەك دابندرێت..